کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
5-11-2007 21:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کورد و دوو رێگای دەرباز بوون ... هێدی جەلادەت

کۆنگرەی ئەستەنبول، دەر هەق بە دراوسێ وبارودۆخی عێراق، بە ئامادەبونی دەوڵەتە برا موسوڵمانەکان وبرا عێراقیە ئیسلامیەکان، لەناو دەوڵەتێکی ئیسلامی بەسترا، لەبەرچاوی نەتەوە یەکگرتوەکان ودنیا هەزاران بوختان بە کورد کرا، کراینە درندە وتیرۆریست وچی وچی... هتد، برای دراوسێمان هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە کورد نابێت بونی هەبێت وئەو حزب وکیان وهەرێمەی هەیەتی زۆر خەتەرە... !!!لێرەدا دەبێت پرسیار بکەین ئایا بۆچی دەزگا موسوڵمانەکانی ناوچەکەو دنیا نوقەیان لێوە نایە... بۆچی ئێمە موسوڵمان نین... ئێمە مافی ئەوەمان نیە وەك گەلێك لەسەر خاکی خۆمان بژین... کۆنگرەی موسوڵمانان هیچ جۆرە هەڵوێستێکیان نیە..

لەهەرێمی کوردستانیش حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان هەرچی نەتەوەیی ونیشتمانی وکوردستانیەت هەیە ئەتکیان کردووە، گەندەڵی رۆحی نەتەوەیی کوردی وێران کردووە، ژیان بۆتە پاروی دەمی بەرپرسەکان. مانایەك نەماوە لەژێر دەسەڵاتی کوردی لەکوردستانی باشور.. ئەمەش وادەکات ئێمە لەبەرانبەر پیلانی ئەو دەوڵەتە دراوسێیانە هیچمان پێ نەکرێ. لێرەدا ئێمە دەتوانین بەدوو جۆر ببین بە نەتەوە.. ببین بە مرۆڤێکی جیاواز لە کولتور ودنیاو ژیان وئازادی وبیرکردنەوەیەکی گەورە.. بە دوو جۆر دەتوانین ژیان لەم کوردستانە بکەینە نمونەیەکی ئەوپەڕی جوان وجیاواز لەگەلانی ناوچەکە.. ئەویش:

یەکەم: گەڕانەوە بۆ زەردەشت وخۆ جیاکردنەوە ئیسلام وەك دینی سەرەکی نەتەوەیی، چونکە بەڵگە دەرکەوت هەزاروچوارسەد ساڵە هیچمان بەهیچ نەکرد لەگەڵ موسوڵمانیەتی.. دەبێت کولتوری رەسەنی زەردەشتی زیندوو بکەینەوەو بەدنیا بڵێین ئێمە گەلێکی جیاوازین لە ناوچەکە لەروی کولتوری ودینی وبیرکردنەوەمان.

دووەم: گەڕانەوە بۆ بیری نەتەوەیی_دیموکراسی، کە وەکو نمونەکەی فەرنسی وسارکۆزی ودنیایەك نمونەی جوانی ئەوروپی کە تێدایە ئازادی تاك هەبێت.. گەندەڵی ئاشکرا بکرێت.. شەقام وجاددەو کێشەی نیشتەجێ بون.. بێکاری.. کێشەی سێکس بەشێوەیەکی کراوەی زانستی... ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێن. گەنج وژن وپیرو خوێنەوارونەخوێنەوارو کرێکارو فەرمانبەرووچی وچی... هتد، لەگەڵ نیشتمان ئاشتبکرێنەوە.

بەم دوو رێگایە دەتوانین هەموو پیلانە ستراتیژیەکانی دنیا دژی ئێمە لاواز بکەین وببین بەخاوەن کیان هەم کیانی سیاسی هەم کیانی نەتەوەیی هەم کیانی رۆحی هەم کیانی تاکەکسی وئازادی بیرکردنەوە ژیان وهەڵبژاردنی جۆری کارکردن وداهێنان.

وە پرۆژەی ئیسلامی سیاسی ئەوە شانزە ساڵە جگەلە کوشتنی گەنج وەکو حەز وداهێنان وحەرام هیچی تری نەکردووە بۆ کورد، دەبێت لەو ئیسلامیە سیاسیانەی هەناو پڕ لە حەرامی ژیان وجوانیەکانی، ئەو ئیسلامیانەی ژیان کوژ وگەنج کوژ وسێکس کوژ وداهێنان کوژن دوور کەوینەوە گەنجی ئێمە لەجیاتی ئەوەی هەموو عەقڵی ببێتە وێنەی روتی کچێك، ئەوا با بەروتی کچێك بخەینە باوەشی ئەمەش بۆ بێ ئەخلاقی نا، بەڵکو بۆ ئەوەی ئاگای لەخۆ پەروەردە کردن بێت وئاگای لەوە بێت ئەمڕۆ تورکیایەك ئەوەتا گۆنکرە دەکات بۆ لەناوبردنی تۆ ودەیەوێت شەرعیەتی کوشتنی تۆ وەربگرێت. ئێمە پێویستمان بە فەرهەنگی کوردی جیاواز خوزای ناسراوی دیموکراسی وئاشتی هەیە، هەموو ئیسلام بەقەدەر سێ دروشمەکەی زەردەشت ناتوانێت بمانکاتە خاوەن فەرهەنگ کە دەڵی رەوشتی باش.. کردەوەی باش.. وتەی باش... کەواتە کاتی ئەوە هاتووە ببین بە خاوەنی خۆمان وچیتر هەموو کولتورو دابونەریت وئازادیمان بۆ بێگانە ونامۆیی و دزین نەبێت وخۆشمان هیچمان نەبێت لەناو نیشتمانەکەماندا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.